## کوردستانییەکانی هەندەران 4 – 5 کورسی پارلمانی عێراقی مسۆگەر دەکەن

ڤیەننا: هاورێ مەحمود

ئاشکرایە بێجگە لەوەی کوردستانییەکانی هەندەران راستەوخۆ لە پرۆسەی ناو تۆمارکردنەکاندا بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشدارن، رۆژانەش لە شاشەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە دەبینین چ جۆش و خرۆش و پەرۆشییەک لە لایەن ئەمانەوە پیادە دەکرێت. چۆن سۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی سەراپای جەستەو گیانی هەزاران لاو و پیر، پەککەوتە و نەخۆشی دورەوڵاتی تەنیوەو بە چ ورەیەکەوە رێگای سەدان کیلۆمەتر لە شار و وڵاتە دورەدەستەکانەوە دەبڕن و خۆیان دەگەیەننە بنکەکانی ناوتۆمارکردن. شەکانەوەی ئاڵای کوردستان، بەرگی کوردی و شایی و هەڵپەرکێکەیان کەرنەڤاڵێکی بێ وێنەی خولقاندووە، کە من و زۆری تریش خۆمان خاوەنی پرۆسەکەین و هەر خۆشمان بەشداری راستەوخۆمان تیایدا هەیە، بەڵام مرۆڤ لەم دیمەنانە سەری سوڕدەمێنێت. ئاخر ئەگەر خۆشەویستی خاک و نیشتمان نەبێت چی بزوێنەری ئەم هەموو ورەیە دەبێت؟! ئەگەر خۆشەویستی کوردستان و کورد نەبێت ئەم ئامادەییە لەم جەستانەدا چۆن ئامادە دەبێت؟! چۆن چەندین خێزان بە سێ و چوار منداڵەوە بە قەرەباڵغی ئەوتۆبوسەکانەوە، لەم چلەی زستانەدا و بەم بەفرو بارانە رێگای پانزە تا بیست کاتژمێر دەبڕن و دەگەڕێنەوە؟! چۆن دەیان پیرەمێرد و نەخۆش، تاکە ئاواتیان دەبێتە بەشداری لەم دەنگدانەداو دەڵێن دوای ئەوەش بمرین کوردستانمان خۆش؟! ... ئەمانە هەمووی جێگای رێزن و هی ئەوەن دوارۆژیان لەسەر بنیات بنرێت. ئەمانە هەموو ئەو دەنگانەن کە دەیان ساڵە لەم دورەوە نیشتمان دەلاوێنن. لە راپەڕیندا دەبنە بڵندگۆ، لە برسێتیدا دەبن بە نان. لە هێرش و دەستدرێژی داگیرکەراندا یەکپارچە دەبنە هاوار و دەرژێنە سەر شەقامەکان، گۆرەپانەکان دەدەن بە کۆڵیانداو دەچنە بەردەم باڵوێزخانەکان. لەم پرۆسە شارستانی و دیموکراتییەشدا دەبنە دەنگ و رێژە زیاد دەکەن. بە کوردستانییانی وڵاتیش دەڵێن: هەرنە پێش دەنگ بدەن، ئێمەش بێ دەنگ نابین!.

بە پێی سەرچاوەی راگەیاندراوی رێکخراوی کۆچی جیهانی، کە رێکخەری بنکەکانی ناو تۆمارکردن و دەنگدانە لە دەرەوەی وڵات، تا رۆژی دووشەممە 1/24، واتە رۆژێک بەر لە کۆتایی ناوتۆمارکردنەکان، تێکرای دەنگدەران لە دەرەوەی وڵات 255611 عێراقی ناوی خۆیان تۆمار کردووە. دیارە ئەو وڵاتانەش کە زۆرترین رێژەی کوردی تێدایە و بنکەکانی دەنگدانیش تیایاندایە بریتین لە وڵاتەکانی ئەوروپا ( دانیمارک، فەرەنسا، ئاڵمانیا، هۆڵەندە، سوید، بەریتانیا )، ئوستراليا، کەنەدا و ئەمریکایە. بەو وڵاتانەشەوە کە بنکەی دەنگدانیان تێدا نەبووە، وەکو نەمسا، سویسرا، ئیتالیا، نەرویج، فنلەندا، هەنگاریا و هتد.. چونەتە یەکێک لەو وڵاتانەی سەرەوە بۆ تۆمارکردنی ناوەکانیان، تێکرای ناوە تۆمارکراوەکان دەکاتە 156489 کەس کە بە هەموو پێوانەیەک و ئاگایی بەشداربووان و راگەیاندنەکانیش کوردەکان زیاتر لە 80% ی ئەم ژمارەیە پێک دەهێنن. واتە نزیکەی 125191.2 کەس. خۆ ئەگەر هەر کورسییەکی پارلمانی عێراقیش پێویستی بە 27000 دەنگ بێت، کەواتە دەنگەکانی هەندەران 4 تا 5 کورسی پارلمانی عێراقی بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان مسۆگەر دەکەن. هەرچەندە ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ دەنگێکی عێراقییەکان لە وڵاتەکانی ئێران، ئوردون، سوریا، تورکیا و ئیمارات کە تا هەشتەم رۆژ 99122 ناو تۆمار کراوە بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەدرێت، ئەمەش لەبەر کەمی رێژەی کوردی عێراقی تیایاندا و هەروەها دژایەتیکردنی حکومەتەکانیان بۆ ئەم لیستە.

ئەمەی خوارەوەش خشتەیەکی رۆژانە و تێکرایی ناو تۆمارکردنەکانی هەشت رۆژی رابوردووە لە هەر 14 وڵاتەکەی جیهان کە بنکەی ناو تۆمارکردن و دەنگدانیان تیادا کراوەتەوە:

# زانیاری ڕۆژانەی تۆمارکردنی ناوی عێراقییەکان لە هەندەران

| | ڕۆژی 1 | ڕۆژی 2 | ڕۆژی 3 | ڕۆژی 4 | ڕۆژی 5 | ڕۆژی 6 | ڕۆژی 7 | ڕۆژی 8 | تێکڕایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەموو جیهان** | **18071** | **24208** | **25728** | **25697** | **37880** | **56452** | **49881** | **17694** | **255611** |
| | | | | | | | | | |
| **ئوستراليا** | **1055** | **1583** | **1305** | **1215** | **1335** | **1728** | **1874** | **779** | **10874** |
| سیدنی | 712 | 1165 | 927 | 824 | 977 | 1245 | 1259 | 585 | 7694 |
| ملبورن | 343 | 418 | 378 | 391 | 358 | 483 | 615 | 194 | 3180 |
| **کەنەدا** | **641** | **996** | **866** | **988** | **1342** | **1787** | **2861** | **681** | **10162** |
| تۆرێنتۆ | 395 | 665 | 568 | 739 | 980 | 1112 | 2366 | 576 | 7401 |
| ئۆتاوا | 177 | 205 | 199 | 159 | 232 | 352 | 259 | 64 | 1647 |
| کانگاری | 69 | 126 | 99 | 90 | 130 | 323 | 236 | 41 | 1114 |
| **دانیمارک** | **961** | **1313** | **1525** | **1285** | **1392** | **3177** | **2590** | **279** | **12522** |
| کۆپنهاگن | 961 | 1313 | 1525 | 1285 | 1392 | 3177 | 2590 | 279 | 12522 |
| **فەرەنسا** | **66** | **61** | **58** | **82** | **60** | **332** | **299** | **42** | **1000** |
| پاریس | 66 | 61 | 58 | 82 | 60 | 332 | 299 | 42 | 1000 |
| **ئەڵمانیا** | **961** | **1455** | **1974** | **1983** | **2670** | **7350** | **7251** | **1181** | **24825** |
| بەرلین | 165 | 212 | 309 | 361 | 428 | 1383 | 1413 | 211 | 4482 |
| میونیخ | 368 | 533 | 590 | 612 | 784 | 2069 | 2142 | 415 | 7513 |
| کۆیلن | 224 | 356 | 581 | 609 | 783 | 2075 | 1884 | 333 | 6845 |
| مانهایم | 204 | 354 | 494 | 401 | 675 | 1823 | 1812 | 222 | 5985 |
| **ئێران** | **3550** | **6001** | **5513** | **5742** | **12877** | **7356** | **7059** | **5047** | **53145** |
| تاران | 1391 | 2051 | 1380 | 2073 | 4435 | 2433 | 2246 | 1669 | 17678 |
| قوم | 1181 | 1821 | 1971 | 1577 | 5750 | 2750 | 2175 | 1392 | 18617 |
| ورمێ | 110 | 368 | 634 | 437 | 98 | 345 | 82 | 102 | 2176 |
| کرماشان | 178 | 152 | 159 | 247 | 619 | 350 | 381 | 501 | 2587 |
| ئەهواز | 354 | 1127 | 918 | 995 | 1450 | 878 | 1574 | 1008 | 8304 |
| مەشهەد | 336 | 482 | 451 | 413 | 525 | 600 | 601 | 375 | 3783 |
| **ئوردون** | **710** | **1192** | **1537** | **1580** | **2780** | **3093** | **3679** | **2224** | **16795** |
| عەمان | 710 | 1192 | 1537 | 1580 | 2780 | 3093 | 3679 | 2224 | 16795 |
| **هۆلەندا** | **799** | **1079** | **1469** | **1533** | **1882** | **4783** | **2686** | **538** | **14769** |
| ئەمستەردام | 268 | 433 | 493 | 562 | 563 | 934 | 828 | 209 | 4290 |
| ڕۆتەردام | 353 | 450 | 654 | 667 | 875 | 2110 | 1186 | 188 | 6483 |
| زۆڵە | 178 | 196 | 322 | 304 | 444 | 1739 | 672 | 141 | 3996 |
| **سوید** | **1668** | **2830** | **3070** | **3205** | **3231** | **8953** | **4905** | **1439** | **29301** |
| ستۆکهۆلم | 1098 | 1849 | 1993 | 2094 | 1976 | 4853 | 2703 | 916 | 17482 |
| گۆتنبرگ | 570 | 981 | 1077 | 1111 | 1255 | 4100 | 2202 | 523 | 11819 |
| **سوریا** | **1384** | **1629** | **1613** | **1627** | **1903** | **2344** | **2165** | **1580** | **14245** |
| دیمەشق | 1384 | 1629 | 1613 | 1627 | 1903 | 2344 | 2165 | 1580 | 14245 |
| **تورکیا** | **392** | **639** | **765** | **349** | **749** | **560** | **310** | **182** | **3946** |
| ئەستەنبوڵ | 226 | 450 | 618 | 290 | 548 | 344 | 254 | 130 | 2860 |
| ئەنقەرە | 166 | 189 | 147 | 59 | 201 | 216 | 56 | 52 | 1086 |
| **ئیمارات** | **869** | **1428** | **2330** | **1370** | **1512** | **1530** | **1030** | **922** | **10991** |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 8216 | 757 | 791 | 1212 | 1235 | 1093 | 1553 | 1033 | 542 | دوبەی |
| 2775 | 165 | 239 | 318 | 277 | 277 | 777 | 395 | 327 | ئەبوزەبی |
| **29121** | **1282** | **7594** | **8747** | **3028** | **2580** | **2118** | **2037** | **1735** | بەریتانیا |
| 15217 | 561 | 3723 | 3499 | 1718 | 1741 | 1425 | 1425 | 1125 | لەندەن |
| 12647 | 669 | 3707 | 4824 | 1155 | 711 | 579 | 509 | 493 | مانشستەر |
| 1257 | 52 | 164 | 424 | 155 | 128 | 114 | 103 | 117 | گلاسکۆ |
| **23915** | **1518** | **5578** | **4712** | **3119** | **2158** | **1585** | **1965** | **3280** | ئەمریکا |
| 1836 | 36 | 289 | 486 | 334 | 154 | 72 | 181 | 284 | واشنتۆن |
| 8999 | 722 | 2726 | 482 | 1394 | 1071 | 539 | 840 | 1225 | دیترۆیت |
| 5556 | 583 | 1257 | 740 | 704 | 458 | 472 | 487 | 855 | شیکاگۆ |
| 3730 | 101 | 816 | 1705 | 295 | 205 | 202 | 149 | 257 | لۆس ئەنجلس |
| 3794 | 76 | 490 | 1299 | 392 | 270 | 300 | 308 | 659 | ناشفیل |